


# دەرهێنەر و سیناریست



ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا، بەها و بایەخی سینەما و درامای تەلەڤزیۆنی لە جاران زیاتر دەرکەوتووە، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە ئەمڕۆ پرۆسیسی گواستنەوەی وێنە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و ئەو ئاسانکارییەی تەکنۆلۆجیا بۆ ئەم بوارەی دەکات گۆڕانکاری گەورە و خێرایی زیاتری بەسەردا هاتووە. ئێستا لە هەموو کات و سەردەمێک زیاتر بایەخی ئەم هونەرانە بەدیدەکرێت، بە ئەندازەیەک کە بەشێک لە شەڕە گەورە کولتوورییەکەی نێوان گەلان و وڵاتان بەم بوارانە دەکرێن، ئەگەرچی چەند دەیەیەکە لەبواری سینەما و فیلمسازیدا هۆلیوود گەورەی بە ئەندازەی دەسەڵات و پاوانخوازی ئەمریکا پاوانسازی لە جیهاندا کردووە، یان ئەو شۆڕشە گەورەیەی بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکانی کامپی ڕۆژئاوا، لە ڕۆژگاری شەڕی سارددا کە ڕۆژهەڵاتی تووشی ئیحراجییەکی گەورە کردووە، تەنانەت ڕۆڵی یەکلاکرنەوەی ململانێیەکەشی بە ئەندازەیەکی دیار بینی، پێمان دەڵێن کە ڕابوردوو چۆن ئەم بوارە هونەرییانە ماکی زیندوو و ماتریاڵی سەرەکی بردنەوەی کێشمەکێش و ململانێیەکان بوون.

ئەمڕۆ لەسەردەمی گڵۆبالیزم کە سەرجەم بوارەکانی گرتووەتەوە کە ئابووری بنچینەی هەرەگەورەیانە، پیشەسازی فیلمسازیش بەسەرجەم بوارەکانییەوە کە بەشێکی دیاری بزنس و بازرگانی نێودەوڵەتییە، ڕۆڵ و پێگە گرنگەکەی زیاتر بەرجەستە بووە، بەو پێیەی کە کێبەرکێیەکی زۆر لەسەر بەرجەستەکردنی ئاستی کوالێتی و جوانی بەرهەمەکان هەیە، بەڵام دیارە ئەو کوالێتییە ڕووکەشەی کە دنیای سەرمایەداری دەیخوازێت بریتییە لە ڕواڵەتێکی گەش و ناوەڕۆکێکی بەهەند وەرنەگیراو؟!

دەپرسین و لە حاڵی خۆمان ورد دەبینەوە، ئاخۆ ئێمەی کورد کە خاوەن پانتاییەکی گەورەین لە ئەندێشە و خەیاڵ و ڕووداو و چیرۆک و کەرەستەی زۆر و زیندووی بەرهەمهێنانی فیلم و درامای تەلەفزیۆنی، لەکوێی ئەم سەودا فراوان و بازاڕگەرمییە جیهانییە گەورەیەداین؟ وەڵامەکە لای من ئەوەیە: کە ئێمە هێشتا لەسەرەتای دەستپێکردنێکی وەستاوداین و نازانین چۆن هەنگاوەکانی یەکەممان بۆ چوونە ناو بوارەکەوە بنێین. من ناڵێم بەداخەوە، چونکە دەزانم هۆکاری هەرە سەرەکی گەشەکردنی هونەر بەگشتی و بە تایبەت لەم دوو بوارەدا دەسەڵاتە، دەسەڵات بەمانای هەبوونی دەوڵەت و جێگیرکردنی شوناسی نەتەوە و پایەکانی قەوارەیەکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندێتی سیاسی و جڤاکی و ئابووری بێ کە هێشتا ئێمە پێی نەگەیشتووین.

لوقمان غەریب
(سلێمانی)